کوردستان
ژمارە: ٨٦٦
١٥ی ڕەشەمەی ١٤٠٢ _ ٥ی مارسی ٢٠٢٤

خالید عەزیزی:

# ئێران لە بەرەی وڵاتانی دژی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و بەها و بایەخە دێموکراتیکە جیهانداگرەکان‌دایە




**دەقی وتاری وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئێنترناسۆنال سۆسیالیست کە ڕۆژانی ٥ و ٦ی ڕەشەمە لە مادریدی پێتەختی ئیسپانیا بەڕێوە چوو.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆک!**
**بەڕێز جەنابی سکرتێر!**
**ئەندامانی بەڕێزی دەستەی سەرۆکایەتی!**
**بەشدارانی هێژای کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال– سوسیالیست!**

زۆر خۆشحاڵم کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەو کۆبوونەوە پڕبایەخەدا بەشدارم. هاوکات لەو دەرفەتەش کەلک وەردەگرم بۆوەی بەکورتییش بووبێت سەرنجی ئێوە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و بەتایبەتیتر بارودۆخی ئێران و پرسی کورد و هەروەها ڕەوتی ئازادی و دێموکراسیخوازی لەم وڵاتە ڕابکێشم.

شەڕی ئیسڕائیل و حەماس لە چەند مانگی ڕابردوودا و تەشەنەسەندنی پڕیشکەکانی ئەو شەڕە بۆ چەند وڵاتێکی ناوچە بۆ جارێکی دیکەش سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانیی لەسەر ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆ کردووەتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم لەڕووی ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی دەرەکی و هەم لەسۆنگەی هاندان و بەکارهێنانی میلیشیا و هێزە نیابەتییەکانی لە چەند وڵاتێکی ناوچەدا یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قووڵبوونەوەی ئەو ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی سامان و داهاتی سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم وڵاتەی بۆ دەستێوەردانی سیاسی، قەیرانخوڵقینی و ناسەقامگیری لە وڵاتانی دراوسێیدا خەرج کردوە و هاوکات خەڵکی ئەو وڵاتە بەڵالێدراوەشی وەک قەڵغان بۆ مەرامە سیاسی و شەڕی ئایدۆلۆژی و مەزنیخوازییەکەی لە ناوچەدا بەکار هێناوە. بێگومان ئەگەر لە ئێران دێموکراسیی هەبا و حکوومەتێکی دێموکراتیک سەرچاوە مادی و مرۆییەکانی ئەم وڵاتەی لە خزمەتی گەشەی وڵاتدا بەکار بردبا، ئێستا نە ئەم وڵاتە لە نێوخۆ نوقمی قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبوو، نە لە ناوچە و جیهانیشدا دەبووە هۆکاری سەرەکیی شەڕ و بشێوی و نائارامییەکان.

**بەڕێزان!**

ئەگەرچی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بەدژی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتە بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە درێژەی هەبووە، بەڵام ڕەوتی نارەزایەتییەکان لە یەک دەیەی ڕابردوو و بەتایبەت لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا کە بە جووڵانەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)ی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانییشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، شەرعییەتی سیاسی و حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی بەتەواوی بردووەتە ژێر پرسیار. داخوازە سەرەکییەکانی ئەم جووڵانەوەیە بریتین لە دابینبوونی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، دانیان و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییە پێشلێکراوەکانی هەتا ئێستای جۆراوجۆرییە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە، تێپەڕین لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و سەرکوتگەر بۆ حوکمڕانییەکی سیاسیی دێموکراتیک و پلۆرال. بەڵام وەڵامی کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە سەرەتا بەئەمنیەتی‌کردنی پتری کوردستان وەک کانگای سەرەکیی وەڕێکەوتنی ئەو جووڵانەوەیە و پاشان سەرکوتی خوێناویی جووڵانەوەکە لە هەموو ئێران، بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستان بوو. هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی خۆپێشاندانە ئارام و مەدەنییەکانی خەڵکیان لە خوێن وەردا و لە سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانەدا چەکی نیوەقورسیان لەدژی خەڵکی مەدەنی بەکار هێنا. بە سەدان کەسیان لەسەر شەقام و لە زیندانەکاندا کوشت کە بەشێکی زۆر لەوان منداڵ بوون. بە دەیان هەزار کەسیان خستە زیندان و بە پەروەندەسازی لەدژیان حوکمی زیندانی درێژخانیان بەسەر بەشێکی هەرەزۆر لەواندا سەپاند، هەروەها بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا نیزیک بە ٩٠٠ کەسیان ئێعدام کرد کە بەشێکیان دەسبەسەرکراوانی جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی بوون.

**هاوڕێیانی هێژا!**

بێگومان زۆربەی ئێوە لەگەڵ نێوەرۆکی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران ئاشنان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەناسن، بەتایبەت دوو سکرتێری پێشووتری حیزب، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لەپێناو چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی ئاشتی لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ شاندی ئێرانی کەوتە بەر دەستڕێژی ئەوان و تێرۆر کرا؛ هەروەها د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری دواتری حیزب کە لە کاتی گەڕانەوە لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری بێرلینی ئاڵمان بەهۆی تیمێکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەمان تێرۆر کران و گیانیان لێ ئەستێندرا. بەرنامەی حیزبی دێموکرات دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیک و سەقامگیر بەبێ هیچ جیاوازی و پەراوێزخستنێک‌دایە. بەڵام لەبری بەدەنگەوەهاتن و بەدەرفەت‌بینینی ستراتیژیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوەی جۆراوجۆر سزا دراوین: بە هێرش بۆ سەرمان و میلیتاریزەکردنی کوردستان، بە گرتن و ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد، بە ڕاگرتنی کوردستان لە پەرەسەندنە مرۆیی و ئابوورییەکان، بە هەوڵدانی سیستماتیک بۆ سڕینەوەی شوناسی مێژوویی، کولتووری و زمانیی کورد، بە سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتییە مەدنییەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقام، بە هێرشی درۆن و مووشەکی بۆ سەر بنکە مەدەنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەناچار لە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقدا جێگیر بوون و هەروەک ئاگاداریشن لە هێرشی مووشەکیی سێپتامبری ٢٠٢٢ی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئێمەدا ژن و منداڵ کوژران و بوونە قوربانی.

**نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئەندام لە ئینترناسیۆنال سۆسیالیست!**

بەشداری لەو کۆبوونەوەیە بە دەرفەت دەزانم داوا لە ئێوە حیزبەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست بکەم لەهەمبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ‌تەفاوت نەبن و بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ تێکۆشان و خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و سەقامگیر ڕۆڵی کاریگەر و کاراترتان هەبێت. ئەو داوایەی ئێمە لە کاتێکدا بەرەوڕووی ئێوە بەڕێزان دەکرێ کە جیهان بەرەو دووجەمسەرییەکی نەخوازراو دەچێت و ئێران لەو بەرەیەدا جێی گرتووە کە دژی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و بەها و بایەخە دێموکراتیکە جیهانداگرەکانە. بۆیە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە داوا لە هەموو حیزبەکانی هاومەرامامان لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بەتایبەت ئەو حیزبانەی لە وڵاتەکەیاندا دەسەڵاتی بڕیاردانیان بەدەستە دەکەم، گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان بۆ گرینگ بێت و یارمەتیدەری ڕەوتی مافویستی و دێموکراسیخوازی لەو ناوچەیە بەتایبەت لە ئێران بن. چارەسەری بنەڕەتی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش پێش هەموو شتێک بەوە بەستراوەتەوە کە ئاژاوەنانەوە، شەڕەنگێزی، دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سنووریان بۆ دیاری بکرێت و ئەم ڕێژیمە یاغی و نادێموکراتیکە کە دژی ئارامی و سەقامگیری و بایەخە جیهانییەکانە بوەستێندرێت. بەتایبەت کە ستراتیژیی سەرەکیی ڕێژیم ئەوەیە بە نائەمنکردنی دۆخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەم پەرە بە هەژمۆنیی سیاسیی خۆی بدات و هەم سەرنجی بیروڕای گشتیی نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵاتیش لە قەیرانەکان و بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵک دوور بخاتەوە و بەلاڕێیاندا ببات.

**بەڕێزان!**

حیزبی ئێمە لە هەوڵەکانی خۆی بۆ دروستکردنی کۆدەنگی، یەکیەتیی بەکردەوەی حیزبە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانەوەی ئێرانێکی وەڵامدەری دێموکراتیک بەتایبەتمەندیی هاوبەشیی سیاسیی هەموو پێکهاتەکان لە بڕیاردان و ئیدارەدانی ئەم وڵاتەدا بەردەوامە. بێگومان پەیامی ڕوونی ئێوە و پشتیوانیتان لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بۆ ئەو ئامانجە یارمەتیدەر دەبێت.

بە هیوای سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوەیەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست.

# بەشداریی شاندێکی یەکیەتیی ژنان لە کۆبوونەوەی وەرزانەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵدا




هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە بەڕێزان گوڵاڵە شەرەفکەندی جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ، مەحبوبە ڕەحیمی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات و دوکتور سۆزان فەتحی، بەشدارییان لە کۆبوونەوەی وەرزانەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵدا کرد. ئەو کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵی ژنان لە ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە، ٢-٣ی ڕەشەمە بە میوانداریی پارتی سۆسیالیستی ئیسپانیا لە مادرید بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکەم بە وتەکانی ژانێت کامیلۆ سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەستی پێ کرد. بابەتی کۆبونەوەکە، ئەمڕۆ و داهاتووی سۆسیالیزم و کارتێکەرییەکەی لەسەر خەباتی ژنان بۆ بەهێزکردنی ژنان بوو. ناوبراو باسی لەم ڕاستییە کرد کە ژنان لە دنیای سیاسەت و تەنانەت لەنێو حیزبەکانیشدا دەور و ڕۆڵی سەرەکییان نییە و دەنگیان نابیسرێ. لە قسەکانی ناوبراودا بردنەسەری ڕێژەی بەشداریی ژنانی بەورە لە بڕیاردانی سیاسی لە ئاستی سیاسی وڵاتاندا و لەنێو حیزبەکاندا و پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە ستراتێژیی دەنگنەدان بەو کەسانەی نێو حیزبەکان کە چ بە مەبەست و چ نائاگاهانە لەمپەر دەخەنە سەر ڕێگای ئەم خەباتە، پێداگریی لەسەر کرا.

لە پانێلی یەکەمی ڕۆژی یەکەمدا باسەکان لەسەر ئەوڕۆی سۆسیالیزم و پاشەکشە لە بنەماکانی فکری سۆسیالیزم لە دنیای سیاسەتی ئەمڕۆدا بوو. خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی لەو پانێلەدا لەمپەرەکانی سەر ڕێگای سیستەمی خۆشبژێویی وڵاتان، کارتێکەرییەکەی لەسەر ژیانی ژنان وەک قوربانییەکانی سەرەکیی ئەو سیاسەتە هەڵەیە و کارتێکەریی شەڕ، نەداری، بێدەرەتانی، بێکاری و دارمانی ژینگە، پۆپولیسم لە دونیای سیاسەتدا، نەبوونی ژنانی بەورە لە بڕیاردانی سیاسی و نەبوونی بنەمای یاسایی بۆ بەشدارکردنی ژنان و زۆر هۆکاری دیکەی خستە بەر باس.

لە بڕگەکانی دیکەی کاری ئەو کۆبوونەوەیەدا دوکتور سۆزان فەتحی باسی لە دۆخی ژنان لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی کرد و گوتی لەم دیکتاتۆرییەدا کە لەلایەن سەرکردە ئایینییە توندڕەوەکانەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرێت، ژنان بەبێ هیچ جێگایەک لە سیاسەتدا سەرکوت دەکرێن. هەروەها ڕێگاپێنەدانی ژنان بۆ هاتنە نێو سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات بۆتە هۆی سەرکوتکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنان و پەرەسەندنی توندوتیژی بەرامبەریان. لە هەمان کاتدا ئێران هۆی سەرەکیی تێکچوونی ئارامی و ئاشتیە لە تەواوی دونیا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی ئێمە پێویستمان بە پشتیوانی ئێوەیە بۆ هاندانی لایەنە سیاسییەکان و حکوومەتەکان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ڕاگرتنی هەر پەیوەندییەکی دیپلۆماسی یان ئابووری لەگەڵ ئێراندا هەتا ئەو کاتەی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، هەروەها داواتان لێ دەکەم لەگەڵمان بوەستن و بێدەنگی بشکێنن و مەهێڵن ڕێژیمی ئێران خەڵکی ئەم وڵاتە بخنکێنێت و ژن و منداڵی بێتاوان بکوژێت.

خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی، ئەندامێکی دیکەی شاندەکەی یەکیەتیی ژنان لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا باسی لە پرسی یەکسانی لە ئێران کرد و گوتی دۆخی ژنان لە ئێران بەهۆی نەبوونی دێموکراسی و دەسەڵاتی ئایینی لەوپەڕی نالەباری‌دایە. ژنان هەم بە یاسا و هەم لە کردەوەدا لەو وڵاتە مافەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێشێل دەکرێ و لەگەڵ هەر جموجوڵ و چالاکییەک دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکرێن و لەوێش بە خراپترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. تەنانەت بزوتنەوە کۆمەڵایەتیی و مەدەنییەکانیش ئیزنیان پێ نادرێ وبە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن. پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەرتەسککردنەوەی ئازادی لەو وڵاتە.

کۆمەڵێک بابەتی دیکە بەرۆکی ژنانی گرتوە و ئێستاش ژنان لە ئێران وەک هێزێکی نەبیندراو و دانپێدانەنراو لە زۆرینەی مافەکانیان بێبەشن.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: ژنانی کورد کە مێژوویەکی دوورو درێژیان لە هەوڵدان بۆ یەکسانی و دادپەروەری هەیە لە نێو کۆمەڵگە، چەندجار لەلایەن یاساوە زیاتر دەچەوسێنەوە، سەرەتا کوردبوونیان دواتر لەبەر ژن بونیان وەک هاووڵاتیی پلە دوو و سێ بە ئەژمار دێن و هەموو چالاکیەکانیشیان بە سیاسی و ئەمنیەتیی دەکەن و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر گوشارێکی زۆردان. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گوشارانەش بەردەوامن لە خەباتی مەدەنیی و هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان ژن و پیاودا.

